تەوەری نوسەرو مەنفا

### جەمال غەمبار (شاعیرو نوسەر):

# لەدەسەڵاتی هەموو نووسەرێکدا نییەکەهەژموونی مەنفا بەو ئاڕاستەیەدا ببات کەبەردەوامیی بەداهێنان بدات



**ئامادەکردنی: توانا ئەمین**

**ئەگەر زمان چەکێکی گرنگ بێت، کەنووسەر لەبەرانبەر دەسەڵاتی مێژوودا پەنای بۆ دەبات، ئەوا جۆگرافیا چەکێکی دیکەیە گرنگی شوێن لەسەر زەینی نوسەرو جێهێشتنو خوگرتن بەشوێنەوە،نوسینەوەی شوێنو هەڵهاتن لێی،مەنفاو یادەوەری، مەنفاو کاراکتەری موسافیر،موسافیرێکی نوسەر، نوسەرێک کە لەناشوێندایەو شوێنیش دەنوسێتەوە،نوسەرەکانو قەیرانی ونبونو خۆدۆزینەوە لەمەنفا،بۆ وەڵام دانەوەی پرسیاری پشت ئەم دێڕانە، ئێمە سەرنجمان لەسەر یەک پرسیار تۆخکردەوەو نوخبەیەک لە نوسەرانی کوردی مەنفا نشینمان هەڵبژارد تا لە ئەزمونی خۆیانەوە پەیوەندی نێوان تاراوگەو نوسەر بنووسنەوە.**

**ئەگەر ونبوون بەشێکی گەورەی هەموو سەفەرێک بێت، نوسەر جودا لەخەڵکی تر چەندێک لەوپشکەی بەردەکەوێت؟ بەمانایەکی تر مەنفا بۆ نوسەرەکان چەندێک شوێنی خۆدۆزینەوەو چەندێکیش جێگای ون بوونە؟**

**جەمال غەمبار (شاعیرو نوسەر):**

بۆ ئەوەی وردتر قسەبکەین، با چەمکی سەفەرو ونبوون بەو شمولییەتەوە رنەگرین، مەبەستم ئەوەیەبا وشەی (هەموو) لێرەدا لابەرین، چونکەمەرج نییەهەموو سەفەرێک ونبوونی لێبکەوێتەوە.. لێرەوە دەکرێت پرسیارەکەوا لێبکەینو بپرسین؛ ئەوەکام سەفەرو سەرهەڵگرتنەکەونبوون بۆ هەندێک کەس بەرهەمدێنێتو هاوزەمان بەرەڵلابوونو خۆدۆزینەوەی زیاترو داهێنان لەلای هەندێکی دیکە بەرپا دەکات؟ بەبۆچوونی من ئەوەسەفەرێکەناچێتەخانەی ئەو حاڵەتەوە، کەهیجرەتی سروشتیی دەیخولْقێنێتو ساڵانەبەملیۆنان مرۆڤی سەر ئەم گۆی زەوییەبەئیختیاری خۆیانو بەپلانی دیاریکراو ئەنجامیدەدەن .. تەنانەت زۆر جار نووسەرەگەورەکان بەئیختیاری خۆیان هیجرەت دەکەن .. بۆیەپێموایەچەمکی سەفەرو جێهێشتن لەناوەرۆکی ئەم پرسیارەی ئێوەی بەڕێزدا، ئەڵبەتسەفەرێکە کەلەئەنجامی نامۆییو ناتەباییو نەبوونی ئاسایشی کۆمەڵایەتییو لێکهەڵوەشانی رایەڵەکانی مانەوەو ئینتیما بۆ ستایڵی ژیان لەشوێنێکی دیاریکراودا دێتەئاراوە.. کەواتەدەکرێتلێرەدا ئێمەقسەلەبارەی نووسەرێکەوەبکەین کەبۆ خۆی کائینێکەنەک هەر لە دەرەوەی سنوورەکانی نیشتیمان، بەڵکو لەناوجەرگەی نیشتیمانیشداو زۆربەی جاران ئەو هەر نامۆو ناتەبایەبەشتەباوەکان .. مەنفای نووسەر لە چەمکەفیکرییەکەیەوەمەرج نییەلەدەرەوەی سنوورەکانی نیشتیمانەوەدەست پێبکات .. زۆر جاران نیشتمانیش بۆ خۆی دەبێتەمەنفا بۆ نووسەر .. کەواتەئەوەناتەباییو بەریەککەوتنەکانی دنیای نووسەرەبەدیوارەکانی دنیای دەرەوەی خۆی وا دەکەن کەنووسەر بکەوێتەرووبەری مەنفاوەو دواتریش دەق بخولْقێنێتو بەوەش هەوڵەجدییەکانی خۆی بۆ جوانکردنەوەی دنیایەک بدات کەناشیرین کراوە... بەڵام جیاوازیی نێوان مەنفای نیشتیمانو مەنفای دەرەوەی نیشتمان لەدوو شتی سەرەکییدایە: یەکەمینی ئەو جیاوازییانە؛ مەنفای دەرەوەئیتر ئەو دنیایەنییەکەنووسەر بەتەنیشت یان لەناوجەرگەی جیۆگرافیای منداڵییو یادەوەرییەکانیدا بژیو دواتریش ئەو موفرەداتەی مامەڵەیان لەگەڵدا دەکات هەمان ئەو موفرەداتەی مەنفای دەرەوەی نیشتیمان نین .. هەر بەنموونە؛لەمەنفای نیشتیماندا مەسەلەی نۆستالۆژیا (مەبەستم حاڵەتی گەڕانەوەو سۆزی بەردەوامەبۆ رابردوو) کەمتر رووبەڕووی نووسەر دەبێتەوەیان هەر تووشی نابێت .. نموونەیەکی دیکە ئەوەیەلەمەنفای نیشتیماندا نووسەر بەردەوام پەیوەندیی راستەوخۆی لەگەڵ وەرگرو خوێنەرەکانی خۆیدا هەیەکەدیارەهەردوونووسەرو خوێنەر دوو جەمسەری ئەو هاوکێشەیەن کەیەکتری تەواو دەکەن .. خۆ ئەوەش راستە ئەمڕۆ لەرێگەی دنیای هەرەپێشکەوتووی تۆڕەکانی پەیوەندیی وەک نێتو ئەو شتانەوەدنیا بچووک بووەتەوەو پەیوەندییگرتنو دروستکردنی رایەڵەکانی نێوان نووسەرو وەرگر کارێکی هێندەقورس نییە، بەڵام بۆ ئێمەی خۆرهەڵاتیی، هیچی ناگاتەمامەڵەی راستەوخۆ لەگەڵ وەرگردا. من لەسەر ئاستی دەق بێت، واتا دەقێک بنووسمو بڵاوی بکەمەوەو ئیتر تەواو .. بەڵام ئەرکی منی نووسەر هەر ئەوەنییەلەدەقێکدا مامەڵەی لەگەڵدا بکەم، بەڵکو سەرەڕاش، ئەرکی منی نووسەرەکەلەسەر ئاستی مەیدانیی مامەڵەی لەگەڵدا بکەم، بەشداریی کارام هەبێت لەجوڵاندنی مەدەنییانەی خەڵک، لەخولْقاندنی رای گشتیی، لەهاندانی دەزگاکانی پەرلەمانو قەزاو حکومەت بۆ هەڵوێست وەرگرتنی جدییو هەروەها زۆر شتی دیکەش ...

> **لەمەنفای دەرەوەی نیشتیماندا، ئەوەی هەیەو لای زۆربەی نووسەرانی ئێمەرەنگدەداتەوە، هەر وەبەرهێنانی هەمان ئەو موفرەداتەیەکەهیی ناو نیشتیمانە**

نموونەیەکتان بۆ باس دەکەم؛ لەکۆڕێکی شیعر خوێندنەوەدا کەکۆمەڵەی نووسەرانی فرەکەڵچەری باشووری ئوستراليا بۆ ژمارەیەک نووسەرو شاعیرانی نەتەوەو ئیتنیکەجیاوازەکانی ئەم ویلایەتەی منی لێدەژیم، سازکردبوو، لەکاتی خوێندنەوەی قەسیدەکەم (باخی بێدەنگیی)، من گریام .. دیارەناڵێم ئەوانەی لەوێ بوون دووربوون لەئیحساساتی ئێمەوە، بەڵام زۆربەیان لەنهێنیی ئەو گریانەی من نەدەگەیشتن .. کەچی ئەو گریانەلای وەرگری خۆتو لەمەنفای نیشتیماندا دەبێتەبەشێک لەتەقسی یان تەدارەکی خوێندنەوەی دەقەکە!

پاشان حاڵەتێکی دیکەی ناو مەنفای نیشتیمان بریتییەلەتێداژیانی (موعایەشەی) ئەو حاڵەتانەی کەدەبنەبەشێکی گرنگ لەپێکهاتەی ژیانو نووسینی دەق .. بۆ نموونە، دیاردەی ژن کوشتن لەهەموو دنیادا، لەدارفۆری سودان، لەئەفغانستانو لەلای ئێمەش هەڵگری یەک ماناو چەمکە، بەڵام من کەدێم لەدەرەوەی نیشتیمان مامەڵەی لەگەڵدا دەکەم، رەنگەمامەڵەکردنەکەهەر بکەم، بەڵکو سەرەڕاش، ئەرکی منی نووسەرەکەلەسەر ئاستی مەیدانیی مامەڵەی لەگەڵدا بکەم، بەشداریی کارام هەبێت لەجوڵاندنی مەدەنییانەی خەڵک، لەخولْقاندنی رای گشتیی، لەهاندانی دەزگاکانی پەرلەمانو قەزاو حکومەت بۆ هەڵوێست وەرگرتنی جدییو هەروەها زۆر شتی دیکەش ...

لەمەنفای دەرەوەی نیشتیماندا، تەواوی ئەو شتانەی سەرەوەبوونیان نییە.. ئەوەی هەیەو لای زۆربەی نووسەرانی ئێمەرەنگدەداتەوەهەر وەبەرهێنانی هەمان ئەو موفرەداتەیەکەهیی ناو نیشتیمانە. لەزۆربەی حاڵەتەکانیشدا نووسەر لەرێگەی زاکیرەوەئیشیان لەسەر دەکات... دیارەنۆستالۆژیا رووبەرێکی گەورەلەژیانی نووسەر داگیر دەکاتو ئەوەش بۆ خۆی پێموایەنەک هەر لای کەسی نووسەر، بەڵکو لای تاکێک کەپەیوەندیی بەدنیای نووسینەوەنییە، هەمان پرۆسەهەیە.. بەڵام جیاوازییەکەئەوەیەنۆستالۆژیای نووسەر دەبێتەمایەی بەرهەمهێنانی دەقو زۆرجار دەقی گەورەو داهێنەرانە.

ئینجا با لێرەوەلەسەر گەوهەری پرسیارەکەتبوەستین؛ مەنفا بۆ نووسەرەکان چەندێک شوێنی خۆدۆزینەوەو چەندێکیش جێگای ونبوونە؟

بەبۆچوونی ئێمەکۆمەڵێک فاکتەر لەپشت ئەو بارودۆخەوەن، هەندێکیان بەکورتی ئەمانەن:

- کەسی نووسەر هەتا چەندێک لەخەمی داهێناندایە، واتا هەتا کوێ ئامادەیی تێدایەئەزموونی خۆی بخاتەبەردەم لێپرسینەوەو چۆن مامەڵەلەگەڵ ئەو دنیایەدەکات کەمەنفای دوای سەفەرو جێهێشتن بۆی دەخولْقێنێت.. چونکەدنیای دوای سەفەرو جێهێشتن، کەڵچەرو فەرهەنگو زۆربەی هەرەزۆری شتەکان ئیتر هەمان ئەوانەنین کەنووسەر لە ناوەوەی نیشتیمان تێیاندا ژیاوە، ئیتر لێرەوەنووسەر دەکەوێتەململانێ لەگەڵ دنیا تازەکەداو هەوڵی ئەوەدەدات چۆن کۆنترۆڵی شتەکان هەتا ئەو ئاستەبکات کەلە خزمەت داهێنانەکەیدا بن.. دیارەئەوەلەدەسەڵاتی هەموو نووسەرێکدا نییەکەهەژموونی مەنفا بەو ئاڕاستەیەدا ئاراستە بکات کەبەردەوامیی بدات بەداهێنان .. دیارەبۆ ئێمەی کورد نووسەری داهێنەرمان لەمەنفا هەن، بەڵام لەباشترین حاڵەتدا ئەم داهێنانەهێشتا هەر لەسنووری موخاتەبەکردنی وەرگر یان خوێنەری کوردایەو نەبووەتەخیتابێکی دامەزراو بۆ موخاتەبەکردنی خوێنەری (خەڵکی) ئەو وڵاتەی نووسەرەکەی لێدەژی، کەئەمەشیان بۆ خۆی ئیشکالییەتێکی دیکە دەهێنێتەکایەوەو رەنگەتەوەرێکی دیکە بێت بۆ قسەکردن.. کەئەمەدەڵێم، مەبەستم ئەوەنییەبڵێم داهێنان لای نووسەرێکی کوردی مەنفانشین بەتەنها بریتییەلەموخاتەبەی خوێنەری ئەو وڵاتەی نووسەرەکەی لێدەژی. نەخێر .. بەڵام ئەوەش بۆ خۆی زۆر گرنگەکەنووسەرێکی کوردی مەنفانشین، سەرەڕای زمانەکەی خۆی، بشتوانێت لەرێگەی زمانێکی دیکەوەموعاناتیی مرۆڤی کورد بەدنیا بگەیەنێت، وەک لەخاڵی دوای ئێرەدا زیاتر روونی دەکەمەوە.

- گواستنەوەی ئەزموونی نووسەرێک کەلەمەنفا دەژی لەئاستی خولْقاندنی دەق لەرووبەرەکانی زمانی خۆیەوەبۆ رووبەرەکانی زمانی وڵاتی مەنفا، دەکەوێتەسەر ئەوەی کەسی نووسەر هەتا چەندێک توانای تێکەڵبوونی بەکەڵچەرو ئەتمۆسفیری فەرهەنگیی وڵاتی مەنفا هەیە، کەئەمەیان رەنگەماوەیەکی زۆری بوێتو بەر لەهەر شتێک کۆنترۆڵکردنی زمان وەک کلیلێکی زێڕین زۆربەی دەرگاکان دەخاتەسەرپشتو بواری زیاتر دەڕەخسێنێت بۆ بەرپاکردنی داهێنان.

- سروشتی ژیانو گوزەرانو رەخساندنی هەلومەرجی گونجاوی حاڵەتی کۆمەڵایەتییو توانای گونجاندن لەنێوان زەمەنی کارکردن بۆ بژێویی ژیان لەلایەکو زەمەنی خوێندنەوەو تێفکرینو نووسین لەلایەکی دیکەوە، هەموو ئەمانەدەورو کاریگەریی خۆیان لەپرۆسەی بەردەوامبوونی داهێناندا هەیە.. چونکەبیرمان نەچێت سروشتی ژیانو سیستمی کارکردن لەم وڵاتانەی ئێمەومانانی لێدەژین لەزۆر رووەوەجیاوازیی زۆری هەیەلەوەی لەوڵاتی خۆمان.

- زۆرجار لای هەندێک نووسەر تەنیایی بەهەموو رووەسایکۆلۆژییو جەستەییو فیکرییەکانییەوەدەبێتەسەرچاوەیەکی دەوڵەمەند بۆ ئیشکردن لەبواری داهێناندا، کەچی بۆ هەندێک نووسەری دیکە ئەم تەنیاییەدەبێتەرەشەباو مۆمی داهێنان دەکوژێنێتەوە. دیارەبۆ ئێمەی خۆرهەڵاتیی، زۆربەمان لەتەنیایی دەترسین، ناتوانین بەتەنیا بژین.. دیارەئەوەش هەر لەمنداڵییەوەتیاماندا دەچێنرێت، بۆ نموونەزۆربەی خێزانی کوردی هەمووی لەیەک ژووردا دەخەوێت، لەیەک ژووردا دادەنیشێت .. منداڵ ژووری نووستنی تایبەت بەخۆی نییە.. ئیتر ئەو حاڵەتی کۆبوونە(بەجەماعییبوونە) تێماندا گەورەدەبێتو بەردەوام دەژی، دیارەئێرەجێگەی ئەوەنییەبڵێم ئەو حاڵەتەچەندێک باشەو چەندێک خراپە..

بەهەرحاڵ ئەوەی باسمکرد، کورتەی وەڵامی منەبۆ پرسیارەکەتان .. بەهیوام لەداهاتوودا قسەو باسی زیاتر لەو بارەیەوەبکەین. ■

> **حاڵەتێکی دیکەی ناو مەنفای نیشتیمان بریتییەلەتێداژیانی (موعایەشەی) ئەو حاڵەتانەی کەدەبنەبەشێکی گرنگ لەپێکهاتەی ژیانو نووسینی دەق**

> **مەنفای نووسەر لەچەمکەفیکرییەکەیە وەمەرج نییە لەدەرەوەی سنوورەکانی نیشتیمانەوەدەست پێبکات، زۆر جاران نیشتمانیش بۆ خۆی دەبێتەمەنفا بۆ نووسەر**